# بەشداریکردنی بزووتنەوەی ژنانی کورد دژ بە تووندوتیژی ( KWAHK )
# لە کۆنفرانسی ئەوروپی تایبەت بە «بەتوندوتیژی بە بیانووی بە نامووسپەرستیەوە»

لەڕۆژانی 7 و 8ی ئۆکتوبەری 2004 دا ڕێکخراوی ژنانی کورد دژ بەتوندوتیژی KWAHK بەشداریکرد لە کۆنفرانسێکدا لە شاری ستۆکهۆڵم کە رێکخراویهاوبەشی ژنانیسوێد Kvinnoforum رێکیخستبوو لەژێر ناونیشانی
Honour Related Violence within a Global Perspective; Mitigation and Prevention in Europe
واتە «تووندوتیژی گرێدراو بەنامووسەوە لەروانگەیەکی جیهانییەوە؛ خاوکردنەوەو پێشگیری لە ئەورووپادا»

کونفرانسەکە کە دوو رۆژی خایاند لەلایەن ئانیتا گرادین وەزیری پێشوو و هەروەها ئەندامی کومیسیۆنی ئەورووپا بەڕێوە چوو. هەروەها خاتوو سیلڤیا مەلیکەی سوێد و خاتوو مۆنا سالین وەزیری هاوپەیوەستەگی (ئەنتێگراسیۆن) بەشدارییان تێدا کرد. باقی بەشداران لە هەڵسووراوان و بەرپرسانی رێکخراوی جۆراوجۆری ژنان و هیتر بوون کە لە وڵاتانی ئەورووپاوە هاتبوون.
سەردێڕی باسەکانی رۆژی یەکەمی کونفرانس بریتیبوون لە:
- توندوتیژی گرێدراو بەنامووسەوە(ت.گ.ن) مافی مرۆڤ و پیاوسالاری، یەکییەتی ئەورووپا،
- ژیان لەگەڵ هەڕەشەی توندوتیژی گرێدراو بەنامووسەوە (پیاوێکی ئینگلیزی بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە کە چۆن بە هۆی خۆشویستنو پێکەوەژیانی لەگەڵ هاوسەرە بەنگلادێشیەکەی تووشی هەڕەشەی توند و خۆشاردنەوە بووە . . .)،
- توندوتیژی گرێدراو بە نامووسەوە لە چوارچێوەیەکی ئەورووپاییدا،
- دابونەریت، هاوپەیوەستبوون، پشتگیری لە لایەن ئەورووپاوە؛
لەم بەشەدا لەلایەن کواکەوە نەزەند بەگیخانی باسێکی پێشکەشکرد کە تێیدا تیشکی خستە سەر ئەزموونی کواک لە کارکردن و هەڵمەتکردن بۆ وروژانی رای گشتی جیهانی و کوردی و ستراتیژییەتی لەبار بۆ بنبڕکردنی تووندوتیژیی نامووسپەرستانە و قەزیەی هێشوو یونس ی وەکو نموونە هێنایەوە. نەزەند بەگیخانی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە توندوتیژی و کوشتنی نامووسپەرستانە مەسەلەیەکی زۆر هەستیار و ئاڵۆزە و کارکردن لەسەرئەوە تێگەییشتنێکی قووڵ و هۆشیاری و لێکدانەوەی فرە مەودای پێویستە و نابێت لە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە سەرنجی لێبدرێت. هەروەها ئەوەی راگەیاند کە میدیای جیهانی و رۆژنامەوانان دەبێ زۆر بە ئاگاییەوە لەسەر ئەم باسە بنووسن و خۆیان لە ئاخاوتنی پەنماو و سادە و ووروژێنەر بپارێزن. نووسین لەسەر ئەم مەسەلەیە نابێ بوار بڕەخسێنێت بۆ ستیگماتیزەکردنی کۆمەڵگای کورد و کولتوری کوردی و دروستکردنی بیروڕا و کردەوەی رەگەزپەرستانە. کورد یەکەیەکی چەسپاو و نەگۆڕ نیە بەڵکو لە گەشەکردن دایە و دەنگی جیا و گروپی جیا دەگرێتە خۆی کە دژی دیاردەی توندوتیژیی نامووسپەرستانە خەبات دەکەن. بوونی رێکخراوی کواک و چەندەها رێکخراوی دیکە لەناو کورد بەڵگەی ئەو فرەدەنگی و گەشەکردنەیە. لە کۆتاییدا لیستێکی داواکاری پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بۆ دروستکردنی گۆڕان و چاککردنی بارودۆخی ژنانی ناو کۆمەڵگا ئێتنیکیەکان پێویستە دەسەڵاتدارانی ئەوروپی و بڕیاردەر و ئاژانسە تایبەتیە دەوڵەتیەکان و رێکخراوە ناحکوومیەکان هاوکاری و راوێژکاری لەگەڵ ژنانی خەباتگێڕ وکەسایەتی تایبەتمەندی ئەم بوارەدا بکەن.
هەر لەم رۆژەدا چەندین کارگە (Workshop) رێکخرا کە بە شێوەیەکی تێروتەسەل ئەم بابەتانەی خوارەوەیان خستەبەر لێکدانەوە وقسەوباس. پاشتر راپۆرتی هەریەکە لە کارگەکان پێشکەش بە کۆبوونەوە گشتییەکە کرا.
- هەلومەرجی توندوتیژی گرێدراوبە نامووسەوە (ت.گ.ن) لە ئەورووپادا،
- پارامیترەکانی پشتگیری دەروونی و باشترین پراکتیک سەبارەت بە ت.گ.ن،
- رۆڵی خوێندنگاکانو ئەنستیتۆ فێرکارییەکان،
- چۆن ت.گ.ن دەبێتە پرسێکی ئەورووپایی،
- ستراتێژییەکان بۆ خەبات لەدژی ت.گ.ن،
- رۆڵی بەشداریدانی کۆمەڵایەتی و ئەنتێگراسیۆن(هاوپەیوەستبوون) لە خاوکردنەوەی ت.گ.ن دا.

باسەکانی رۆژی دووهەمی کونفرانسەکە:
- لایەنە یاساییەکانی ت.گ.ن،
- پشتگیری وهاوکاریکردن لەنێوان پۆلیسی ئەورووپادا،

- ئەوکاتەی کە سیستەمی یاسایی کاریگەری نیە،
- دووبارەپێناسەکردنی ت.گ.ن لەئەورووپادا؛ دیمەنەکانی داهاتوو،

کارگەکانی ئەمڕۆژە بریتی بوون لە:

- بابەتەکانی لەمەڕ پۆلیسو بەتاوان‌دانانی ت.گ.ن،
- پلانێکی ئەورووپی بۆ هەنگاوهاویشتن،
- باشترین شێوەکانی پێشگیری،

بەدرێژایی کونفرانسەکە پیشانگای چەندین تابلۆی ژنانی کورد پیشان درا. هەر تابلۆیەک پێکهاتبوو لە سێبەش: وێنەی ژنێک، بەسەرهاتەکەی و تابلۆیەکی ئەو ژنە. ئەم پیشانگایە بەشێکە لە پرۆژەیەکی هاوبەشی کواک لەگەڵ رێکخراوی باڵندەبارانی فەڕەنسی و سەنتەری رۆشنبیری و راگەیاندنی ژنان لە سلێمانی، بەناوی "ژیانی ژنان، ڕووانینی هونەرمەندان"(بروانە www.kurdishmedia.com/kwahk ).

لەم بەشەی کونفرانسەکەدا **ئەحمەد ئەسکەندەری** لەلایەن کواکەوە بەکورتی باسی پرۆژەی «ژیانی‌ژن، ڕووانینی هونەرمەندان»ی کرد کە بەپیشاندانی چەندین تابلۆ سەبارەت بە ژنانی کوردستان لەهەردوو رۆژەکەدا سەرنجی بەشدارانی کونفرانسەکەی بۆلای خۆی راکێشابوو. لەم باسەدا شێوەی لەدایکبوونی پرۆژەکە و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیەو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی رەوتی پڕۆژەکەو هەروەها ئەو ژنانەی کە بەشداری پرۆژەکەبوون بەکورتی بۆ بەشدارانی کونفرانس روونکرایەوە.

پاشان راپۆرتی هەرکامە لە کارگەکان پێشکەش بە کۆبوونەوەی گشتی کونفرانس‌کرا و لە ئەنجامیشدا راگەیاندنی کۆتایی بەناوی «بەیاننامەی ستۆکهۆلم، پەسندکردنی پلانێک بۆ چالاکی لە ئەرووپادا» خرایە بەردەم بەشدارانی کونفرانس و بەیەکدەنگییەوە پەسندکرا.
دوایین‌بەشی کونفرانس بریتی بوو لە وتاری مۆنا سالین وەزیری هاوپەیوەستبوونی سوێد کە سەبارەت بە سیاسەتی حکوومەتی سوێد، رێگاچارەکانو مەترسییەکان و هەروەها ئەو بابەتانەی کە لە کونفرانسی مانگی دیسامبری داهاتوودا کە حکوومەتی سوێد رێکی‌خستووە قسەوباسی‌کرد.

لەم کونفرانسەدا هەروەها لەلایەن کواکەوە درەخشان زولاڵ و لەلایەن رێکخراوی باڵندەبارانی فەرانسەوە **ئێدیت هێنری** بەشداربوون.

ئەم کونفرانسە بەگشتی مەودایەکی لەباری رەخساند بۆ ئاڵوگۆڕی بیرورای جیاواز و گوێگرتن لە ئەزموونی ژمارەیەکی زۆری رێکخراوی چالاک لەم بوارانەدا لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا. هاوکات بەهۆی بەشداری چالاکانەی ژمارەیەک لە پسپۆرانو هەڵسووراوانەوە توانرا تیشک‌بخرێتە سەر لایەنە جیاوازەکانی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان بە بیانووی نامووسپەرستیەوە. ئەوەش ئاشکرایە کە ئەم دیاردەیە لە هەموو وڵاتانی ئەورووپا بەشێوەی جیاجیا هەیە با لەلایەن حکوومەتەکان و یان تەنانەت هێندێک لەڕێکخراوە نامیرییەکانەوە (NGO) گرینگی پێنەدرابێت و یان لە هێندێک لە وڵاتان بەناوی دیاردەی تایبەت بە بێگانەکانەوە سەرپۆشی لەسەر دانرابێت. ئەم کونفرانسە ئەوە دەگەیەنێت کە پرسی توندوتیژی گرێدراو بەنامووسەوە بووەتە پرسی هەموو ئەورووپا و هەربۆیە بۆ بەگژداچوونی ئەم دیاردەیە هەوڵێکی هاوبەش لە ئاستی یەکییەتی ئەورووپادا پێویستە.

Email: info@kwahk.org
Kurdish Women Action against Honour Killing
www.kwahk.org